کوردستان... دورخستنەوەی بانکی پەرەپێدانی نەوەدەوەتی لە هەژماری من

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم ،دورخستنەوەی بانکی پەرەپێدانی نەوەدەوەتی (IDB) لە پڕۆژەی هەژماری من راگەیاند،وتیشی "ئەو موچەخۆرانەی لە (IDB) تەمارکراون پەیوەندییان پێوە دەکرێت و ئاگادارەکرێنەوە لەبارەی گواستنەوەی هەژمارەکانییان".

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "بانکی پەرەپێدانی نەوەدەوەتی (IDB) لەمەودوا بەشێك نابێت لە پڕۆژەی هەژماری من بەهۆی سنوردارکردنی خزمەتگوزارییەکانی بانکی ناوبراو لەلایەن بانکی ناوەندی عێراق لەڕووی مامەڵەکردن بە دۆلار".

وەزارەتی دارایی و ئابووری لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "ئەو موچەخۆرانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە بانکی پەرەپێدانی نەودەوەتی (IDB) تەمارکراون، لە ڕێگەی سەنتەری خزمەتگوزاری پڕۆژەی هەژماری من پەیوەندییان پێوە دەکرێت و ئاگادارەکرێنەوە لەبارەی گواستنەوەی هەژمارەکانییان بۆ یەکێك لە بانکەکانی دیکەی ناو پڕۆژەکە".

باسی لەوەشکردوە، "پێژەی هەژماری من بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ حەوت لە بانکە هاوبەش و ڕێگەپێدراوەکان کە تەواو پابەندن بە ڕێنمایی و پێوەرەکانی بانکی ناوەندی عێراقی و توانای مامەڵەکردنیان بە دۆلار هەیە، کە ئەمەش ڕێگە بە سودمەندانی پێژەی هەژماری من دەدات لەوەی کارتە بانکییەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بەکاربهێنن".

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دارایی، لە مانگی (شوبات/2)ی ساڵی 2023، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێژەی (هەژماری من)ی ڕاگەیاند وەک بەشێک لە دیدگا و ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ فراوانکردنی گشتگیری دارایی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە پارەی نەختینە (کاش).